# ئۆباما و بەرەکانی شەڕ

**کاوە ئەمین**

عومەر فاروق ئەبدولموتەلیب، گەنجێکی توندڕەوی ئیسلامی خەڵکی وڵاتی نێجیریایە، لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا هەوڵی تەقاندنەوە فرۆکەیەکی مەدەنی ئەمریکایی دا کە دەیویست 289 سەرنشین لە ئەمستەردامەوە بگوازێتەوە بۆ **Detroit**، بەڵام هەوڵەکەی سەریی نەگرت چونکە ئەو تەقەمەنییەی کە لە خۆی بەستبوو نەتەقەییەوە. سەرۆکی ئەمریکا ئۆباما لە وتارێکدا هەموو ئەو کەموکوڕیە ئەمنییەکانی خستە سەر شانی خۆیی کە داو دەستگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە نەیانتوانییوە لە کاتی خۆیدا، عومەر دەستگیر بکەن. ئۆباما هەمان ئاوازی جۆرج دەبلیوو بوشی لێدایەوە: ئێمە لە شەڕداین، ئێمە لە شەڕداین لەگەڵ ڕێکخراوی ئەلقەیدە.

دووبارە کردنەوەی قسەکانی بوش بەڵام بەشێوەیەکی دیکە لە کاتێکدایە کە شەڕ لە ئەفغانستان بەردەوامە و پاکستان خەریکە بەتەواوەتی لە شەڕی تالیبانەکانەوە دەگلێت، ئێستا لە نیمچە دورگەی عەرەبیش لە یەمەن، ئەلقیدە بەرەیەکی نوێی شەڕی کردۆتەوە کە مەترسی ئەوە هەیە کە ئارامی هەموو ئەو ناوچەیە تێک بدات، ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا لە چەندین لاوە لەشەڕێکەوە بگلێت کە نەتیجەکەی ڕوون نییە، بەتایبەتی گەرانتی هیچ سەرکەوتنێکی نییە و دوور نییە ئەمریکا لەو شەڕانەدا دووچاری هەمان شکستی سۆڤیەت ببێتەوە کە لە کۆتایی هەشتاکاندا لە ئەفغانستان تووشی هات. بڕیاری ناردنی هێزی زیاتر بۆ ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکاوە نیشانەی ئەوەیە کە تەرازووی شەڕ لەبەرژوەندیاندا نییە، ئەوە جگە لەوەی کە حکوومەتەکی کارزایی یەکێکە لە گەندەڵترین حکوومەتەکانی دنیا لە کاتێکدا کە ناتۆ و نەتەوەیەگرتووەکان چاودێری باری ئەمنی ئەو وڵاتە دەکەن. لە عێراق دەبینین کە چۆن ئەو دیموکراتییەی کە ئەمریکا بەڵێنی دابوو لەوێوە بەسەر باقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببیەخشێتەوە، خەریکە بەتەواوەتی فەشەل دەهێنێت، ئاخر لە هیچ وڵاتێکدا نەبووە لە گۆترە ژمارەی دانیشتوانی شارەکان بقەبڵێندرێت کە هەندێک شار جگە لەوەی لە بارێکی ئەمنی خراپ دایە، ڕێژەی دانیشتوانەکەی دووقات زیادی کردبێت، گەندەڵی دارایی و سیاسیی لەو ناوچانەی کە ئەمریکا حاکمە لێی تا دێت بەرفراوانتر دەبێت.

هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئەمریکا بۆ خۆ ڕزگاکردن لەو تەنگەژانە لە ژێرەوە لەگەڵ بەعسییەکاندا دانوساندن دەکات و لە ئەفغانستانیش خوازیاری ئەوەیە کە کارزایی لەگەڵ تالیبانەکاندا بکەوێتە گفتوگۆوە، ئەوە تالیبانەکانن کە هەموو دانیشتنێک ڕەت دەکەنەوە، چونکە ئەوان پێیان وایە کە کارزایی پیاوێکی ئەڵقەلەگوێیی ئەمریکایە و هیچی تر.

گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕووی ئەفغانستان و عێراق بۆتەوە، گەندەڵییە، کە وەکو میکرۆبێک هەموو لاشەی سیستێمی سیاسی ئەو وڵاتانەی گرتۆتەوە و ئەگەر فریایی خۆیان نەکەون ئەوا لەپەلوپۆیان دەخات و دادەڕمێن. مامۆستایەکی قۆناخی ئامادەیی لە ئەفغانستان بۆ ڕۆژنامەیەک دەڵێت:"لە هەڵبژاردنی ساڵی 2004 دا، خەڵک بە دەهۆڵ و زوڕناوە پێشوازیان لە دیموکراتی و ئەو پارەیەی لە دەرەوە هات کرد و پێمان وابوو وڵاتەکەمان دەکەوێتە سەر پێی خۆی، بەڵام ئەوەتا لەم هەڵبژاردنەی دواییدا بینیتان کە خەڵک زۆر بەکەمی بەشداریان لە هەڵبژاردنەکاندا کرد، چونکە پیاوەکانی حکوومەت هەچی پارەی ئەم وڵاتەیە لووشیان داوە."

ئەمریکا لەم شەڕانەدا سەرناکەوێت، چونکە ئەوان هیچ کاتێک مەبەستیان نەبووە و نییە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکراتی بەو مانایەیی کە لە ڕۆژئاودا باوە، بەخۆیەوە ببینێت، ئاخر کاتێک دیموکراتی هەبێت، هاووڵاتیان زیاتر کاتی بیرکردنەوەیان دەبێت، کە ئەوەشیان بوو زیاتر تێدەگەن مافەکانیان چ وەکو تاک و چ وەکو نەتەوە چییە، ئەو کاتەیش خەڵک هەروا بەسانایی ڕازی نابێت سەروەتی سەر زەویی و ژێر زەویی بەتاڵان ببرێت، یانیش زۆربەی بودجەی وڵات بۆ چەک کڕین لە وڵاتانی وەکو ئەمریکا تەرخان بکرێت. ڕەنگە ئەمریکا بتوانێت هەندێک ڕژێم چەند ساڵێکی دیکەیش بە پێوە بوەستێنێت، وەک چۆن بۆ شای ئێران و سەددام و هەندێک

وڵاتی ئەمریکایی لاتین و ئەفریقا کردیان، بەڵام ئەمریکا چەندیش بەهێز بێت ناتوانێت لەو هەموو بەرەی شەڕانەدا سەرکەوێت.
جۆی لیبیرمان، سێناتۆری ئەمریکی کە لەم ڕۆژانەدا لە عێراق بووە دەڵێت: دوێنێ شەڕی عێراق، ئەمڕۆ شەڕی ئەفغانستان و ئەگەر فریایی خۆمان نەکەوین، یەمەن دەبێتە ساحەی شەڕیی سبەینێمان.
بەڵام ئەمریکا نایەوێت ئەوە بەبیر خۆی بهێنێتەوە کە عومەر ئەبدولموتەلیبی، نێجیرییایی، لە لەندەن پەیوەندی بە قاعیدەوە دەکات و لە یەمەن مەشق دەکات و لە ئاسمانی دیترۆید دەیەوێت خۆی بتەقێنێتەوە. عومەرەکانی ئەلقەیدە لەو کۆمەڵگایانەوە پەیدا دەبن کە گەندەڵەکان دوا پارووی مەمرەو مەژێوی لە دەم هەژارەکان دەفرێنن، هەتا ئەو ژینگانەیش هەبێت کە ئەمریکا خۆی لە ئافراندنیاندا، شارەزایە، گۆرەپانی شەڕەکان زیاتر دەبن، نەک بە پێچەوانەوە.

تێبینی: ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی (ڕووداو) دا، بڵاو کراوەتەوە.